# كويێت وكوردستان

**نورەدین وەیسی**

كویێت میرنشینێكی چكۆڵەی عەرەبییە ، وەلێ لەچاوی كویێتییەكاندا هێندە بەرزوگەورەیە هەركەسێك رۆژێك لە رۆژان سووكایەتیەكی بەرامبەر وڵاتەكەیان كردبێت ئیدی بۆ هەتاهەتایە نەفرەتبارانی دەكەن وهەرگیز لێیخۆشنابن وئامادەنین دەستی تەوقەی بۆ درێژبكەن مەگەرتەنها بە ئاشكراو بەسەرشۆڕی داوای لێبوردنیان لێبكات.

شاراوە نییە كەلە كاتی شەڕی ئێراق وئێراندا وەك زۆربەی وڵاتانی عارەبی كویێتیش بەرگرییەكی سەرسەختانەی لە ئێراق ورژێمی بەعس كردو بەسەدان ملیۆن دۆلاری پێشكەش بە رژێمی شۆڤێنیستی ئێراق كرد ، بەڵام لەدوای داگیركردنی كویێتەوە ئیدی نەك هەر بەتەواوی هەڵوێستەكانیدا چووەوە بەڵكو تاكە پێوەری پەیوەندی لەگەڵ هەر هێزولایەن وكەسێك بەند وپەیوەست بوو بەهەڵوێستی ئەو لایەنانەوە بەرامبەر داگیركردنی كویێت.

لە پێش داگیركردنی میرنشینەكەدا سەدان هەزار فەلەستینی لە كویێت نیشتەجێببوون وهەربەقسەی خودی سەركردە فەلەستینییەكانیش حكومەت وگەلی كویێت هیچ درێخی وكەمتەرخەمیەكییان لە یارمەتیدانی فەلەستینییەكاندا نەكرد، وەلێ چونكە فەلەستینییەكان زۆر دەمێكە بە دڵ وبەگیان عاشقی بەعس وسەددامن بۆیە زۆر سپڵەو حەرامزادانە لەو كویێتە هەڵگەڕانەوە كە هەموو شتێكی خستبووە خزمەتیان ، لە كاتی داگیركردنی كویێتدا فەلەستینییەكانی نیشتەجێی ئەو میرنشینە كارێكی وایان بە كویێت وكویێتییەكان كرد كەهەتا هەتایە چاوشۆڕ وچاو بەرەوژێری ئەو وڵاتەوخەڵكەكەی بن، بۆیەش دوای ئازادبوونی كویێت دەسەڵاتدارانی ئەو میرنشینە نەك هەر فەلەستینییەكانیان دەركرد بەڵكو چەندین داوای یاسر عەرەفاتیشیان بۆ ئاشتبوونەوەو سەردان لە كویێت رەت كردەوەوهەتا مردیش ئەو داوایەی نەهاتەدی، لەسەرپێداگیری زۆری دەسەڵاتدارانی فەلەستین وداوای لێبوردنێكی ئاشكرا ئینجا پێشوازیان لە مەحموود عەبباسی سەرۆكی بەناودەسەڵاتی فەلەستین كرد.

ئەو بەسەرهاتانەم بۆیە گێڕایەوە چونكە بەداخەوە یادەوەری دەسەڵاتدارانی باشووری كوردستان زۆر كورتەو زوو شتیان لەبیردەچێتەوە یان لەبیرخۆیانی دەبنەوە ، پێشوازیكردن لە بەرپرسیارێكی فەلەستینی ودەنگۆی نیشتەجێكردنی فەلەستینییەكانی عیراق لە باشووری كوردستان نەك هەر خۆبەكەمزانینی كوردە بەڵكو سووكایەتیكردنیشە بە خوێنی هەزاران قوربانی كەفەلەستینییە بەعس پەرستەكان سووكایەتیان پێكردن. لە كاتی كۆڕەوی ملیۆنی 1991 ی خەڵكی باشوور، لە یاسر عەرەفاتیان پرسی رات بەرامبەر هێرشی فرۆكەكانی ئێراق بۆسەر كوردچییە؟ ئەویش بەسووكایەتی وگاڵتەپێكردنەوە بەرسقی دایەوە وگوتی كوردەكان لە دژی حكومەتی ئێراق دەستیان بە یاخیبوون كردووە ئیدی خۆ فرۆكەكانی ئیراق

مریشکی سوورکراوەیان بۆ فڕێ نادەن!، هەڵوێستی مەحموود دەروێشی هەڵبەستڤانی فەلەستینیش لای زۆرکەس شاراوە نییە کەچۆن لەوهۆنراوە هەتیوە پاشگەزبوویەوە کەبۆ کوردستانی نووسی وسەرەنجام لە هیچ بەرهەمێکی چاپکراوی خۆیدا جێگەی نەکردەوە. هەرچەند هەفتەیەکیش لەمەوبەر سمایل هەنییەی بەناوسەرەك وەزیرانی فەلەستین پێشمەرگەی بەچەتە ناوبرد.

وەك لە راگەیاندنی یەکێتیدا بڵاوکرایەوە جبریل ئەلرەجوبی نێردراوی مەحموود عەبباس ئامادەنەبوو لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسییدا لە گەڵ سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان وسکرتێری پارتی لەپشت ئاڵای کوردستانەوە قسە بکات ، لەوەڵامی پرسیارێکیشدا دەربارەی فیدرالیزم لەعیراقدا داوای بەخشینی کردو ئامادەنەبوو هیچ قسەیەك بکات کەئەمەش ناڕاستەوخۆ نیشانەی دژبوونی فیدرالیزمە ، کەچی بەرپرسانی کوردستان بە بۆنەو بێ بۆنە داوای دەولەتی سەربەخۆی فەلەستین دەکەن وبۆکوردیش یان خەونێکی وەدینەهاتووە یانیش هێشتا کاتی نەهاتووە!
من دەمەوێ لەوە تێبگەم سوودوقازانجی پەیوەندی بەستن لەگەڵ فەلەستینییەکان چییە کە جیا لەوەی سەدامپەرستن ودوژمنی باوەکوشتەی کوردن، داهێنەریشن لە یەکدی کوشتن وخۆتەقاندنەوەوئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستیداو ئەمڕۆ بوونەتە جێی گاڵتەجاڕی هەموو دنیا.

دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان هەقە پەند لە کوێتییەکانەوە وەربگرن ولەوانەوە فێری وەڵاتپاریزی و شکۆمەندی کوردستان بن .